# لە بن کەپری خاڵخاڵۆکەدا



## ئەوە کێیە؟



بابی نێرییە.
دایکی بزنە.
سەوزاتی ئەخوات و
نزیکەی (١٠) ساڵان ئەژییت.
ناوی چیە؟



## سەیرە بەڵام راستە!



- لە هەر ئینجێکی چوارگۆشەدا لە پێستی مرۆڤدا، (١٩) ملیۆن شانە و (٦٠) مو و (٩٠) شانەی رۆن و (١٩) دەماری خوێن هەنە ئەمە جگە لە شانەکانی هەستپێکردن و ئارەقە.



- هەموو ساڵێک (٥٠) هەزار بوومەلەرزە لەسەر رووی زەویدا روو ئەدەن، لێ زۆربەی زۆریان هێندە لاوازن کە مرۆڤ هەستیان پێ ناکات.



- مارمیلۆق کە ئەکەوێتە مەترسییەوە کلکەکەی فڕێ ئەدات، بەم شێوە دوژمنەکەی بەکلکییەوە مژول ئەکات، و خۆی دەرباز ئەکات، دوای ئەوە وردە وردە کلکی دێتەوە.
- رووبەری پێستی هەر مرۆڤێک نزیکەی (٢) مەتری چوارگۆشەیە و گرانییەکەی نزیکەی (٣) کیلۆیە، لە ملیۆنەها شانە پێکدێت.
- کەرەستەی حەبی ئەسپرین، کەئێمە بۆ سەر ئێشان و هەڵامەت بەکاری دێنین، لە دار چنار دروست ئەکرێت.



- لە ٣٣٪ ی گۆی زەوی بیابانە، بیابانەکان ئەو جێگایایەن کە ساڵانە کەمتر لە (٥٣) سەنتیمەتر بارانیان لێ ئەبارێت.
- دوو پشک ئەتوانێت سێ ساڵان لەسەریەک بەرۆژوو بێت و بێ خواردن و خواردنەوە بژیت.



# قاز



قــاز باڵندەیەکی وشکاوی کـۆچەر یان مـاڵیـیـە، نـزیکەی (١٥) جـۆری هەیە و رەنـگ و قـەبارەیـان لە یەکدییەوە جیاوازە، ئەم باڵندەیە وا ناسراوە کە لە بیستن و دیتندا بەهێزە، بۆیە لە دێر زەمانەوە یۆنانی و فیرعەونییەکان بۆ پاسەوانی بەکاریان هێناوە.

مرۆڤ سوود لە گۆشت و هێلکە و رۆن و پەڕەمووچی قاز وەرئەگرێت، قاز بەکۆمەڵ ئەفڕن و لە فڕیندا شێوەی ژمارە (٨) وەرئەگرن، لە کاتی کۆچ کردندا ماوەی ئێجگار دوور و درێژ ئەبڕێت.

خواردنی سەرەکی قاز رووەکانن، بەڵام مێرو و کرمیش ئەخوات. پەڕەمووچەکەی چڕ و نەرمە و ساڵی جارێک تووکی خۆی ئەگۆڕێت.

هەر جارەی قاز لە سەر (٦ تا ١٢) هێلکە کڕ ئەکەوێت.

بێچووە قاز، ماوەی دوو مانگ پێویستی بە هاوکاری دایک و باوکییەتی تا فێرە فڕین ئەبێت و بەژیانی تەنهایی رادێت.



## بیانبینەوە!



وێنەی دووەم
لە بەر وێنەی
یەکەم
گیراوەتەوە،
بەڵام هەشت
هەڵەی
تێدایە،
زیرەک بە و
بیانبینەوە.